# کۆنفرانسەکانی حوکمەتی هەرێم و خواستەکانی خەڵکی گەرمیان



**محەمەد حسێن**

کەلار

هەر چەند مانگ جارێك حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنفرانسێك لەگەرمیان ئەبەستێیت , تائێستا دوو کۆنفرانسی بۆئاوەدان کردنەوەو , لەم ڕۆژانەیشدا بەهاوکاری کۆمەڵێك ڕۆژنامە نوسی ناوچەکە کۆنفرانسێکی بۆڕۆژنامەگەری بەستووە . دیارە لەڕوکەشدا ئەم کۆنفرانسانە بایەخ و گرنگی پێدانی حکومەتمان بۆدەرئەخات بەرامبەر ناوچەکە , هەر ئەمەش مەبەستی سازدانیەتی بەو گەرم و گوڕیە . بەلاّم واقعیەتی کۆنفرانسەکان خۆیان شتێکی تەواو جیاوازترمان پێئەڵێت , کۆنفرانسەکان سازئەکرێت و تێئەپەڕێت بێئەوەی کاریگەریان لەسەربچوکرتین ئەوگرفتانە هەبێت کە گوایە ( کۆنفرانس ڕێ و شوێنی چارەسەر کردنی تاوتوێ کردووە ) , بێ ئەوەی هیچ کام لەبڕیارو ڕاسپاردەکانیان گوێی لێبگیرێت و بخرێتە کارنامەی وەزارەتەکانەوە . ئەوکاتەی کۆنفرانسی ئاوەدان کردنەوەی گەرمیان لەکەلار سازکرا , کارگێڕی کۆنفرانسەکە وتی : " هیچ بڕیارو ڕاسپاردەیەکی کۆنفرانسی ئاوەدان کردنەوەی خانەقین , کە چەندمانگێك پێشتر بەستراوە , تائێستا جێبەجێنەبووە " . بەهەمان شێوە , تائێستایش هیچ بڕیارو ڕاسپاردەیەکی کۆنفرانسی ئاوەدان کردنەوەی گەرمیان کە لەکەلار بەسترا جێبەجێ نەکراوە . باشە گەر کەس ئامادە نیە گوێ لە بڕیارو ڕاسپاردەی ئەم کۆنفرانسانە بگرێت بۆچی حکومەت ئەم کۆنفرانسانە ئەبەستێت ؟ ئەشێت چ حیکمەتێك لەو هەراو زەنا میدیایی و پارەخەرجکردنەدا هەبێت , کە بۆ هەرکۆنفرانسێك حەفتەیەك دەیان کادری ئیداری و میدیایی پێوە خەریك ئەکرێت . باشە گەر حکومەت بەڕاستی ئەیەوێت خزمەتێك بکات لە ناوچەکەدا چ پێویستی بەم کۆنفرانسانە هەیە . ئەو پرۆژە ناتەواوانەی کەلەکاتی کۆنفرانسی ئاوەدان کردنەوەی گەرمیاندا بەنیوەو ناچڵ جێهێڵرابوون و تەواو نەکرابوون , تائێستایش هەر وەك خۆی ماوەتەوەو تەواو نەکراوە , ئایا گەر حکومەت نیوەی ئەم پرۆژە ناتەواوانەی جێبەجێ بکردایە باشتر نەبوو لەبەستنی ئەم کۆنفرانسانە , ئایا سازدانی بیست کۆنفرانسی تری لەو جۆرە کەلێنی ئەو پرۆژە فاشیلانەی ناوچەکە پڕئەکاتەوە کەزۆربەی ساڵی بەسەردا تێناپەڕێت ئێکسپایەر ئەبێت .

ئەشێت چ نهێنیەك لەم زەوقە ناسکەی حکومەتدا هەبێت بۆ (بەستنی کۆنفرانس لەگەرمیاندا ) . ئەو ئەنجامانەی دووکۆنفرانسی پێشتر نیشانی داوین ئەوەمان پێئەڵێت کە : هێندەی کۆنفرانسەکان بۆ خۆیان بونەتە ئامانجێك و دواتر کەناڵێکی مکیاج کردنی کەلێن و کەموکوڕی و گەندەڵیەکانی حکومەت , خزمەتکردنی ناوچەکەی مەبەست نیە . ئەگینا هەرکام لەوەزارەتەکانی حکومەت بگریت خۆی ئەزانێت کێشەو کەم و کوڕیەکانی ناوچەکە کامەیەو , هەرخۆیشی ئەزانێت لەکوێدا پێویست بەخزمەتگوزاری هەیەو , لەکوێیشدا خەڵك پێویستی بە فلاّن پرۆژە هەیە . بەلاّم مەبەستی پشت ئەم کۆنفرانسانە خزمەتکردن نیە بەو مانایەی خەڵك لەحکومەتی ئەوێت , حکومەت ئەیەوێت تەنها بەبەستنی کۆنفرانسەکان خزمەتی خەڵك بکات , لەکاتێکدا خەڵك بەڕاستی خزمەتگوزاری ئەوێت . خزمەتگوزاری ئەوێت بەکردەوە نەك بە بڕیارو ڕاسپاردەی ناو ئەم کۆنفرانسانە . چونکە ئەوەی گرنگە ئەمڕۆ حکومەت بۆناوچەکەی بکات تەواو کردن و باشتر کردنی چۆنایەتی ئەو پرۆژانەیە کەئێستا لەبەردەستدایە , نەك هەراو زەنای ئەم کۆنفرانسانە کەوەك فیلمە هندیەکانی لێهاتووە پێشتر بینەر ئەزانێت ئەنجامەکەی چی ئەبێت .

هەر دووجار حكومەت ئەتوانێت خەڵكی بەم كۆنفرانسانە سەرگەرم كات , بۆجاری سێیەم مەحاڵە كەسێكی دەست كەوێت بڕوای پێبكات و بێت گوێ لەكادرە هونەریەكانی بگرێت بۆئەوەی باسی پڕۆژەی ئاوەدانكردنەوەو پەرەپێدان بكەن . ئەوەی لەمەبەستی حكومەتدا ئەبینرێت لەم كۆنفرانسانەدا ئەوەیە خەڵك بەخزمەتگوزاری وەهمیەوە خەریك بكات , خزمەتگوزاری ناو بڕیارو ڕاسپاردەكانی كۆنفرانس , كەچی لەزەمینەی واقعدا توانای  هیچ خزمەتگوزاریەكی پێنەماوە . بەلاّم وەك چۆن " هەزار بەرتیل قەرزێك نابژێرێت " ئەوا لەوە ناچێت حكومەتیش بتوانێت بەم جۆرە كارانە خەڵكی تووڕەو دڵڕەنجاوی گەرمیان ڕازی بكات  , هەر ئەو بەڕێزانەی كۆنفرانسەكانی بۆئەبەنە ڕێوە باش ئەزانن داواكاری خەڵك ئەم جۆرە كۆنفرانسانە نیە .

لەدرێژەی ئەم كۆنفرانسانەدا , ڕۆژی 4/10 لەكەلار وەزارەتی ڕۆشنبیری كۆنفرانسێكی تری بەهاوكاری كۆمەڵێك ڕۆژنامەنوسی ناوچەكە سازكرد . لە ناو ئەو ڕۆژنامانەی لەگەرمیاندا دەر ئەچێت تەنها سێ ڕۆژنامەیان لەنێو فەلەكی ماسمیدیای حیزب و حكومەتدا نین  , مەبەست لە ڕۆژنامەكانی ( داینەمۆ , كەنار , خەڵك ) ە , ئەم وەزارەتە تائێستایش هەر بێبەشی كردوون لەو یارمەتیەی حكومەت بەمیدیای ئازادی ئەدات , كەچی ئەمڕۆ دێت كۆنفرانسیان بۆئەبەستێت !! ئەم وزارەتە  لەماوەی ساڵونیوێكی ڕابردوودا نەیتوانیوە فەرمانبەرێك بۆئەو چاپخانە تەرخانبكات كەڕێزدار مام جەلال بەدیاری ناردی بۆناوچەكە و تائێستایش لەژورێكدایەو دەرگاكەی لێ كلیلدراوە و كەس كەڵكی لێوەرنەگرتووە , بەلاّم ئەم بەڕێزانە هەر سورن لەسەر ئەوەی بەكۆنفرانسەكەیان خزمەتێك بەبزوتنەوەی ڕۆژنامەگەری ناوچەكە بكەن !! وەزارەتی ناوبراو بەم كۆنفرانسەی وەك  ( ئەو پزیشكە ناشارەزا وەهایە كە نەخۆشەكەی باڵی ڕاستی شكاوە كەچی ئەو باڵی چەپی ئەپێچێت   ) , ئایاخزمەتگوزاری لەخستنە گەڕی چاپخانەكەدایە یان ئەم جۆرە كۆنفرانسانە ؟ لەیارمەتی دانی ئەو ڕۆژنامانەدایە كە لەسەر ئەرك و گیرفانی ڕۆژنامەنوسەكانی دەر ئەچن , یان لەخەرج كردنی بوجەیەكی قورس و قەبە بۆئەم جۆرە كۆنفرانسانە .. هیوادارم وەزارەتی ڕۆشنبیری بتوانێت دوای تەواو بونی كۆنفرانسەكەی وەلاّمێكی ئەم پرسیارانەمان بداتەوە .

muhemedhusen@yahoo.com